# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی" دوورشتە"دا

**حەیدەر عەبدوڵڵا**

نازانم بۆچی ڕاگەیاندنی کوردی لە ئاست مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس ئەوەندە بێ باکە، نازانم بۆچی لە باس و خواسی ئەودا هێندە خامۆش وکڕ و کپە! خۆ ئەو تەنها مەلا نەبوو، بەڵکوو نووسەر، لێکۆڵەر، وەرگێر لێکدەروەی دیوانە کلاسیکیەکان بوو، ئەو کارەی ئەو کردی هیچ مەلا و ڕۆشنبیرێک ناتوانێ خۆی لە قەرەبدات، ئەو نزیکەی سەد کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی بۆ ئێمە کردە دیاری، شاکارە جوانەکانی ئەو ئێستا وەک مانگ دەدرەوشێنەوە، ئەگەر ئەو مەلا منەوەرە نەبوایە چییمان کردبا بۆ لێکدانەوەی شیعرەکانی مەولەوی و مەحوی و نالی و بیخود ...تد. بەڵێ ئەو مەلا بوو، بەڵام چ مەلایەک، شەو و ڕۆژ خەریکی نووسین بوو، بەردەوام سەرقاڵی تەدریس بوو. تاکو مرد خامەی بە برشتی لە سەر تێنووس هەڵنەگرت، وەک فریشتەیەک، وەک پارچە نوورێک ڕووناکی دەدا، عەقڵ و هۆشێکی فراوانی هەبوو زۆر بە پاکی خزمەتی ئایین و نەتەوەکەی دەکرد، زانستی ئەو عاریف و ڕۆشنبیرە وەک ئاوی کارێز وابوو بە سروشتی خۆی هەڵدەقووڵی و دەوربەری خۆی تێرئاو دەکرد، کورەکانیشی وا ڕێنمایی کردبوو کە لە خزمەتکردنی ئەدەب و ڕێنووس و زمانی کوردی دا بۆ ساتێکیش چەتوونی و ڕژدی نەنوێن.

ئەرێ گەلۆ بۆچی وەک وەفایەک شوێنێک، فەرمانگەک، پەرتووکخانەیەک بە نێوی ئەو کەڵە نووسەرە ناکەیت؟ تاکەی ئەو داهێنەر و ماندوونەناس و عاریفە گەورانەی کورد لە یاد بکرێن، تاکەی سپڵەیی و بێ ئەمەکی لە نێوماندا چرۆکانی چەکەرە بکەن؟

بابێمە سەر کرۆکی باسەکەم، لەم ڕۆژانەدا بە ڕێکەوت لە کتێبخانەکەم دا دەستم بە سەر کتێبی (دوو ڕشتە)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس هەڵنگووی، دوای تێڕامان و خوێندنەوەی تەواو مەست و حەیران بووم، ئەم کتێبەی مامۆستا هەر چەند فەرهەنگێکی عەرەبی کوردییە، بەڵام لە پاڵی دا کۆمەڵێک زانیاری بە سوود بە شێوەی هۆنراوە دەرخراون. هەر لە سەرەتای کتێبەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات و دەفەرمووێ:

عەرزم ئەوەیە ئەی نەوەی مەردان * نەتەوەی پاکی نەژادی کـــوردان

ئێمە گەلێکی خاوەن حەسەبین * برای ئایینی گەلی عەرەبیـــــــــن

هەموو نیشتەجێی یەک نیشتیمانین * ئەبێ زمانی یەکتر بزانـــــــــــین

بۆم هۆنیەوە بە شێوەی ئەدەب * دوو ڕشتەی لوغەت بۆ کورد و عەرەب

هیوام وەهایە کە خاوەن سوودبێ * چرای ڕووناکی ڕێگەی مەقسوود بێ

خاوەن بەهابێ لای پیرو گەنجان * هەر وەک دوو ڕشتەی یاقووت و مەرجان

لێرەدا مامۆستا ئامۆژگاری هاوزمانەکانی دەکات، بە نەوەی مەردان و پاک نەژاد بانگیان دەکات و پێیان دەڵێ مادەم ئێمە هەمووومان نیشتەجێی یەک خاک و ئاوین پێوستە زمانی یەکتر فێر بین، چونکە نەزانینی زمانی یەکتر کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێگەی پێکگەیشتن و تێکگەیشتن ، عەرەب گەر دۆستە یان دووژمن دواجار زمان دەبێتە پردێک بۆ دایەلۆگی نێوانمان.

ئەوەندەی من سەرنجم دابێت کوردی ئێران فارسی دەزانێ، کوردی تورکیا تورکیەکی ڕەوان دەزانێ، کوردی سوریاش عەرەبی بەباشی دەزانێ، بەڵام بە داخەوە کوردی عیراق بە تایبەت وەچە و نەوەی نوێ هیچ شتێک لە زمانی عەرەبی نازانێ! پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ: ( من زاد لسانا زاد إنسانا)، زمانی عەرەبیش یەکێکە لە زمانە هەرە زیندووەکانی دنیا، ڕۆشنبیرانی خۆرئاواش هەر لە زووەوە دانیان بەم هەقیقەتە داهێناوە و مێژ ساڵە گوتویانە زمانی عەرەبی زمانی مەعریفەیە، دەی کەواتە بەخۆ دوورە پەرێزگرتن لێی و دژایەتی کردنی هەرخۆمان زیانبار دەبین و بەس.

مامۆستا عەبدولکەریم لەو فەرهەنگەدا نەهاتووە تەنها وشە بە وشە مانا بکات، بەڵکوو لە پاڵ هەر وشەیەکدا سێبەری واقیعی وشەکەش دەردەخات، بۆ نموونە:

(صُحُفی) مانای رۆژنامەنووسە * گەر ئازاد نەبی گەل لێی مەئیووسە

(حریف) هاوپیشە (زمیل) هاوئیشە* ئینسانی بێ ئیش دڵ پڕ تەشویشە

بروانە لە پاڵ ماناکردنی وشەی رۆژنامەنووس، بەهای رۆژنامەنووسیشی دەرخستووە، رۆژنامەنووس دەبێ ئازاد و ئازابێت، دەنا گەل و نیشتیمان لێی بێ ئومێد دەبێ، کەواتە بابای رۆژنامەنووس تەنها لە کەش و هەوای ئازاددا دەتوانێ گوزارشت لە هەقیقەت بکات، گەر وانەبوو هەموو راستیەکان سەر نگووم دەکاتەوە.

دواتر لە رۆخ ماناکردنی (حەریف) و (زمیل) دەردی بێ کاری دەردەخات و دڵی بێ کار بە تەشویش و ئاڵۆزکاو وەسف دەکات. دیارە لە پێش ئەویش مەلای گەورە مرۆڤی کارنەکەر و تەمبەڵی سەرزەنشت کردوە و بۆ کارکردن و دارابوون رێنوێنی کردوون، هەروەک دەڵێ:

ئەوەی دونیای نەبێ دینی زەعیفە * مەلابێ یا شیخ بێ یا خەلیفە

مەداری دین و دونیا هەر غینایە * ئەو حەدیسەی فەقر و فخر ئیفتیرایە

کەواتە خۆ گۆشەگیرکردن بە پاساوی خواپەرستی و مانەوە تەنها لە مزگەوت و خۆ خەریکاندن تەنها بە پەرستش لە گۆشە نیگای هەریەک لەم دوو زانا مەزنەی کورد جێگەیان نابێتەوە.

مامۆستای مودەریس لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

(إستقلال) مەعنای سەربەخۆییە * غەیری ئازادی رەنجەرۆییە

ئازادی و سەربەخۆبوون بەچکەی یەک دایکن ناکرێ و نالوێ لە یەکتریان جیابکەینەوە، ئەستەمە بەبێ سەربەخۆبوون ئازادی مانا فراوانەکەی خۆی بەرجەستە بکات، وشەی رەنجەرۆیی، واتا: سەرفکردنی توانست و توانا بەبێ هیچ بەهایەک و بەرامبەرێک، بێگومان لە ئازادییدا دەنگە قەتیسماوەکان دێنە گۆ و هاوارە خەماویەکان گوێیان بۆ دەگیرێ.

لە شوێنێکی دیکەی ئەم کتێبە دێتە سەر باسکردنی مەسەلەیەکی جوگرافیی و لە پشت ماناکردنی زاراوەکان زانیارێکی باش و پر سوودمان دەسگیردەکات:

(مشرق) خۆرهەڵات (شمال) باکورە * (مغرب) خۆرنشین (جنوب) باشوورە

کاتی رووتکردە نوختەی خۆرنشین * لای راست باکوورە و چەپ باشوور یەقین

لێرەدا زۆر بەسادەیی روون دەبێتەوە کە هەر کاتێ مرۆڤ لە هەرشوێنی و جێگەیەک بوو دەتوانێ ئەمە بۆ خۆی بکاتە پێوەر، راستەوخۆ رووبکاتە خۆرئاوا، ئیتر لای راستی دەبێتە باکوور و لای چەپیشی دەبێتە باشوور، بەمەش هەموو حیسابە گەردوونیەکانی بۆ سانا دەبێت.

لە شوێنێکی تر لە دوای ماناکردنی وشە عەرەبیەکە وەک سەماوەر دەکەوێتە جۆش و خرۆش و خۆشەویستی بۆ وڵات و بیارە دەردەبرێت و بە وشەی ناسک و پەتی خەست وخووڵی دەکات و دەڵێ:

(نسیمی سحر) شنەی بەربەیان * نەشئەی ئەبەخشێ بە دڵ و بە گیان

تایبەت نەسیمی چەمی بیارە * کاتـــــــــی بەهاران دنیا گوڵزارە

بولبول مەست دەکا لە سەر چڵانە * دڵ سەربەست ئەکا لە ناو گوڵانە

هەرکەسێک کتێبەکانی مامۆستا بخوێنێتەوە راستەوخۆ هەست بە چێژی ئەدەبی دەکات، بۆن و بەرامەی ئەدەب خۆی دەخزێنێتە نێو ناخ و دەماغی، زۆرەبەی کتێبەکانی پرن لە شیعر و هۆنراوە، بەتایبەتی کتێبەکانی (رێگای بەهەشت) و (سەنا و سکاڵا) و ( بەهار و گوڵزار) و (بارانی رەحمەت) و (ئاوی سەعادەت) و ...تاد.نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت نازناوی شیعری مامۆستا عەبدولکەریم (نامی)یە.

مامۆستا دوای ئەوەی لە دوو رشتەدا باسی مانگە عەرەبیەکان دەکات و مانایان دەکات، ئینجا بە شێوەیەکی زۆر ناسک و جوان و بە ئەدەبێکی دڵگیر مانگە کوردیەکان بە دوای یەکدا ریز دەکات، ئەمە هۆشی کەسێکی وەک مامۆستای نامییە پەیی بەم وردەکاریانە دەبات و بە هۆنراوە پێشکەشی نەوەی نوێی کوردی دەکات، تاکو وەک ناوی خۆیان لە بەری بکەن:

نەورۆز و، گوڵان، مانگی جۆزەردان * پوشپەر، خەرمانان، گەلاوێژی جوان
رەزبەر، گەلاڕێز، سەرماوەز بەنام * بەفرانبار، رێبەند، رەشەمێ ئەنجام
چەند جێگەی دڵخۆشی بوو هەموو فەرمانگە حكوومی و ئەهلیەكان ئەو دوو دێرە هۆنراوەیان هەڵواسیبا، بۆئەوەی لە كاتی پرسیار لێكردنیان زمانیان تەتەڵە نەكات و نەبێتە تەڵەی تەقیو، وەک ئەو كەسەیان لێ نێ كاتێ پرسیاریان لێ كرد ئەم مانگە چ مانگێكی كوردییە؟ گوتی: چیی بۆ كوردیش ناوی مانگەكانی هەیە!
لەم كتێبەی مامۆستا ناو و زاراوەی زۆر گرنگت بەرچاو دەكەون، لە شوێنێک وێنا و بەراوردی نێوان (نفس) و (عقل) و (علم) دەكات، بەم جۆرەی خوارەوە:
ئەگەر بتەوێ وێنەیەكی جوان * بۆ نەفس و عەقڵ و بۆ عیلمی ئینسان
(نفس) وەک شووشەی ئاوێنە وایە* (عقل) رووناكی بەسەر ئەودایە
(علم) بە وێنەی ئەو وێنە وایە * كە لە ناو مینای ئاوینەدایە
ئەمە چ راڤەیەكی ناسک و جوانە، شووشەی ئاوێنەیەک بخە بەرچاوت ، رووناكییەک بەسەر ئاوێنەوە هەیە، لە ناو مینای ئاوێنەكەش دا وێنەک دەردەكەوێت، ئەمە یانی نەفس و عەقڵ و عیلم.
لە شوێنێكی دیكەدا باسی خۆ بە زلزانین و خاكەڕای مرۆڤ دەكات و دەڵێ:
(تواچع) مەعنای خۆ دانەواندن * لە بەر پیاوەتی نەک خۆ شكاندن
(تكبر) فیزە (غرور) بایی بوون* هەركەس بایی بێت ئەروا سەرنگوون
كەسانێک هەن تەوازع و نەرمونیانی مرۆڤەكان دەقۆزنەوە و سوكایەتی پێ دەكەن، بۆیە مامۆستا لە ماناكردنی وشەی (تەوازوع)، ئەمە بەسەنگینی و پیاوەتی لێكدەداتەوە، چونكە مرۆڤ بە تەوازووع بەرز و شكۆدار دەبێت و بە فیز و یاخیبوونیشن خاپوور و وێران دەبێت.